# سەرکردەکانی کورد بۆ بیر لەدەوڵەتی کوردی ناکەنەوە!؟... م. حەمید عەزیز

هەموو میللەتانی دنیا بەهەوڵ و تێکۆشانی شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیران و سەرکردەو دڵسۆزانیان، ئازادی وولآت و مافی نەتەوەیی خۆیان بەدەست هێناوە.

میللەتی کوردیش بەدرێژایی مێژوو لەبووارەڕامیاری یەکانداو لەهەندێ هەل و کاتی گونجاودا، وەلەپێش سەردەمی شێخ مەحمودی نەمرەوە هەتا ئێستا زۆر هەلی لەکیس چووەو کورد ڕامیاریانەنەیتووانیووە ئەو هەلانە بقۆزێتەوە.

پێویستە لەمەو دووا کورد بیر بکاتەوەو بڕیار بدات، چونکەئەگەر چاوەڕێی زل هێزێکی دنیا بێت وەك ئەمەریکا یان دەووڵەتی ئیقلیم، ئەوەدڵنیا بێت بێ شێوو سەر ئەنێینەوە.

هیوادارم سەرکردەکانی کورد، دوای هەڵبژاردن و دابەشکردنی پلەو پایەکان و دەست لەملانی مەنسەبەکان دانیشن و بیرێك لەدووا ڕۆژی ئەم میللەتەزوڵم لێکراوەی مێژوو بکەنەوەو.... فرمێسکێك، بەڵام تیمساحانەنەبێت.... بەڵك و خەمێکی بۆ لەئامێز بگرن و، ، ، ، ، ، ، ، بەشکم ئەو میللەتەش شەفاعەتێ بنێرێ بۆتان و ئۆخەیەك بەهەناو یا گوزەرکات و خەون و حەزەکانی تاکی کوردیش بەئامانج بگات و وەك مرۆڤ دەست لەملانی ژیان بێت، پێش مردنی.

کوردیش هەقێتی شادی یەك بەدڵ و خۆشی یەك بەچاو مسۆگەرکات، کفریش نابێ لەلای خوا ئێمەی کورد شەمەندەفەری چاوەڕوانیمان بگاتەجێ... !

هیوادارم سەرکردەکانی کورد قۆڵی لێ هەڵماڵن و ئەو بڕیارەڕامیاری یەگەو رەیەبدەن، کەهەم مێژوو هەتا هەتایەبەجوانی ناویان دەبات و هەم میللەتی کورد شاد ئەبێ بەو خەونەی کەهەمیشەبەرۆکی گرتووە.

ئێستا باشترین هەلەبۆ بڕیاردان لەدامەزراندن و بوونی دەوڵەتی کوردی، چونکە پێم وایەئەگەر بەرژەوەندی یەکانی ئەمەریکا پێچەوانەبێتەوەزۆر بەئاسانی دەست لەکورد بەردەدات، چونکەئەمەریکا ووڵاتێکەهاورێ یەتی نازانێت، تەنها بەرژەوەندی خۆی دەبینێت، ئێمەش پێویستەئەمجارەئەم هەلەلەکیس خۆمان نەدەین.

Hamid773@hotmail. com